# هەناسەیەك بۆ ئەنفالی خۆماڵی

**فەرمان ساڵح**

ئەنفال رەنگە لەدیدی ئێمەی كوردستانیان ، هەمیشە ئەو كردەیە بێت كە سەدام ودەست وپێوەندەكانی لەرستەدا دەبنە بكەرو لەوێوەش ژیان دەبەخشنە درندەیی وخۆشبەختی بە ئاقاری مەرگدۆستی دا دەبەن، بەڵام دەكرێ ئەم پێناسەیە هەندێ جار بگۆڕدرێ ولەبۆتەی بازنەی دەسەڵاتی كۆمەڵێ وردە دیكتاتۆری تربئاخنرێ، گەلۆ ساڵەهایێ بوو ئێمەمانان هەناسەمان پڕدەبوو لەبارووت ولەسەنگەری شەردا چاوەڕوانی دواساتەكانی مەرگمان دەكرد،بەحەسرەت بووین لەكەنارێكدا بەئارامی پشوێك لەو مێژوە دوورو درێژە خوێناویە بدەین و هەناسەی ئۆخەی هەڵمژین، زۆربەمان نەمردین وبینیمان ژیان ئەو كاڵایە شەرەنگێزە نەما و وڵات ئازاد بوو،لێ هێندەی نەبرد، شەڕە بەردەقانێی قابیل و هابیل داگیرسایەوەو دیسانەوە قەدەری ئێمەمانان پرۆسەی تری هاوشێوەی ئەنفالی بەخۆوە بینیو مرۆڤی كوردلەو پارچۆكەیەی كوردستاندا توشی ماڵوێرانی شەری خۆكوشتن هاتوو، لەسەر لوتكەی چیایەك بەدەیان رۆڵەی ئەو گەلە ستەمدیدەیە دەبوونە قوربانی وروحی خۆیان بە مەرگ دەسپارد، دواتریش هەر لە ئەنجامی ئەو شەرە نەگریسەی بەناو براكوژیەوە جارێكی تر زۆربەی ناوچەكانی كوردستان دوچاری وێران بوون و بەسەدان كەسی بێگوناهیش بوونە قوربانی تەق وتۆقی شەرو لەوناوەشدا بەسەدان كەس كەوتنە زیندانەكانی هەردوو بەرەو ئێستاشی لەگەڵ دابێت چارەنووسی زۆربەیان نادیارەو وەبەر رەحمەتی ئەنفالی خۆماڵی كەوتن وسۆراغیان دیارنەماوە، بەدەیان دایكی جەرگ سوتاو تا هەنووكەش لە چاوەروانی بەیانی باشی كۆرپەكەیدا پرچی سپی دەهۆنێتەوە، كەچی سەركردایەتی هەردوو حزبی دەسڵاتدار لەولاتر خەریكی

**دابەشكردنی دەسەڵاتن وهیچ باكیان بەچارەنوسی ئەو كەسانە نیە كە لەشەڕی دەستەو یەخەی براكوژیدا لە زیندانەكانی ئەواندا بوونە قوربانی وچارەنوسیان ئاشكرا نەكرا، بۆیە گەڕەكە هەموو كوردێكی مرۆڤ دۆست لەهەر كوێیەكی دونیا بێت، دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی ئەودایكانەی تاكو ئێستا فرمێسكی خەم دەرێژن وبەئومێدەوە چاوەروانی رۆڵەكانیان دەكەن. لەیادی ئەنفالی بەعسدا داوا لەسەر كردایەتی كورد بكەن چارەنووسی ئەو كەسانە ئاشكرا بكرێت، كە لەشەڕی برا كوژیدا بێسەرو شوێن بوون.**

Farman_salih@yahoo.com